

# شەرم و ترسی کچان زادەی چییە؟

**زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە کچانی کورد لە دێرزەمانەوە بوێر و چاونەترس بوون و بەبێ جیاوازی ڕەگەزی لە گشت جومگەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان و کۆمەڵگەدا ڕۆڵی کارایان هەبووە، نموونەش بەوە دەهێننەوە کە تا هەنووکە ئافرەتان لە گوندە دوورەدەستەکاندا شان بەشانی پیاوان لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەشدارن، بێریڤانەکان چەندین شاخ دەبڕن و لە دابینکردنی داهات و بژێوی ماڵەوە پشکی شێریان بەردەکەوێت، کەچی لەئێستادا لە ناو شار و تەوژمی تەکنەلۆژیا و گەشەی شارستانییەتدا، شەرمنی کچ و ترسی لە ڕەگەزی بەرامبەر بۆتە سەرباسی باسان، لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

**شەرم و ترس پێکەوە گرێ دراون**

«من لەخێزانێکی دەوڵەمەند و لە گەڕەکێکی مۆدێرن گەورە بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شتەکان سنووردار کرابوون، کە منداڵ بووم، باوکم نەیدەهێشت بچمە پێش دەرگا و یاری لەگەڵ منداڵەکاندا بکەم، دواتریش کە گەورە بووم و چوومە قۆناغی ئامادەیی باوکم و دایکم هەمیشە دەیانترساندم بەوەی کە نابێت تێکەڵاوی هەموو کەسێك بیت، ئێستاش کە قوتابیم لە زانکۆی ئەهلی، هێشتا هەست بە نامۆبوون و تەنیایی دەکەم». ئەوە قسەی نەرمین فەرهادی تەمەن ٢١ ساڵ بوو. ئەو شەرم و ترس لە یەکتر جیا ناکاتەوە و دەڵێت «شەرم و ترس پێکەوە

گرێ دراون، کچێك لە بناغەی منداڵییەوە متمانەی بۆ دروست نەکرابێت، هەم شەرمن دەبێت هەم ترسنۆك». نەرمین هێما بۆ ئەوەش دەکات، کە «شەرم جیایە لە حەیا و ئەوەی لە نەریتی ئێمەدا بە چاوی سووك سەیری کەسی بێ حەیا دەکەن، بێ حەیایی و بێعاری و سەرکێشی کەس پەسەندی ناکات، بەڵام شەرمنی و گۆشەگیری و خۆبەکەم زانینیش ناکرێ جێی پەسەند بن، گوتیشی «نموونەی من زۆرن، کە هەمیشە خێزانەکەم فشاریان بۆ دروست کردووم، کە خۆم لەهەموو شتەکان لابدەم، ئێستاش کە لەزانکۆم، ناتوانم ببمە هاورێی کەس، چونکە پێشتر منیان ترساندووە، ترسم لە لەهەموو شتێك هەیە، بۆیە تەبیعییە شەرمن و گۆشەگیریش بم».

## شەرمنی وەك نەریتەکانی دیکەی کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە

بەڵام دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی، پسپۆڕو دەروونناس ڕایوایە «شەرمنی لەڕووی دەروونییەوە قەیران نییەو بگرە ناشتوانرێت وەك کێشەیەکیش تەماشای بکرێت، بەڵکوو شەرمنی جۆرێکە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کە لەیەکتری جوادایان دەکاتەوە، شەرمنی لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر وەك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتووەو لە ڕابردوودا شەرمکردن جێگەی شانازی کۆمەڵگەوەبووە بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ، ئەوەتا کەم کەس هەیە لە ئێمە گوێبیستی ئەو پەندە کوردییە نەبووبێت کە دەڵێت: کوڕی شەرمن شانەیەك ناهێنێت، بەڵام کچی شەرمن شارێك دەهێنێت، ئەم وتەیە ڕۆژگارێك پەندێکی کۆمەڵایەتی بووەو گرنگی خۆی هەبووە، بەڵام ئەمرۆ شەرمنی وەك سەرجەم نەریتەکانی دیکەی کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە».

هیوا سلێمان وەك توێژەرێك لەبنکەی چارەسەری دەروونی کار دەکات و ئەویش هەمانی ڕای دکتۆر ئەحمەد زەکی بەدەوی هەیە و دەڵێت «شەرمنی قەیرانێکی دەروونی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە ڕاڕایی و ترس و دوودڵیی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی نێگەتیڤانە لە نێوان دوودڵی و پەشۆکاندا، کەسی شەرمن خۆی تەنگ بە خۆی هەڵدەچنێ و تێکەڵ بە خەڵکی نابێت و گۆشەگیر دەبێت، کەسانی زۆر شەرمن، کە بەجاری خۆیان پەراوێزدەخەن و تێکەڵ بە خەڵکی و کۆمەڵگە نابن و بەتایبەتی سڵ لە کەسانێکی نامۆ دەکەنەوە».

هیوا پێیوایە شەرمنی هەندێك جار دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵك زۆرتر متمانەی پێبکەن و دەڵێت «لەساڵانی ڕابردوو شەرمنی بۆ هەردوو ڕەگەز یەکێك لەمەرجە سەرەکییەکانی لەیەکتر تێگەیشتن بووەو تەنانەت هەتا ئەمرۆش لەنێوان چینی ئۆستۆکرات یان خانەداندا خەڵکی شەرمن زۆرتر جێگەی متمانەن».

## کرانەوەیەکی گشتی لە هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرێ

کارزان عەلی وەك گەنجێك جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەرمنی دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتییەو ئەمرۆ تاڕادەیەك لەناوچووە، گوتیشی «هیچکام لەئێمە حەزمان لە شەرمنی نییەو نامانەوێت بکەوینە بارۆدۆخێکەوە هەست بە شەرمنی بکەین، ئێستاش تاکی شەرمن زۆر کەم بووە و کرانەوەیەکی گشتی لە هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرێ».

سیروان شەوقی کارمەندی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییەو ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێ لە گەنجان زۆر هەستیارن و بەهەموو شێتك تووشی شەرم دەبن، هەندێ لە گەنجانیش کراوەو کۆمەڵایەتین و هیچ کێشەیەکیان لەو بوارەدا نییە، بەئاسانیش ئەم جیاوازییە بەدی دەکرێ. گوتیشی «بێگومان شەرمنی نیشانەی زۆرە، لەوانە گەنجی شەرمن کە ڕووبەڕووی کەسانێکی نامۆ یان ڕەگەزی بەرامبەری دەبێتەوە، شەرم دەکات و دەشڵەژێت، هەیە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا شەرم دەکات و بە باشی قسەکانی بۆ نایەت و لێدانی دڵی زیاد دەکات و دەستەکانی دەلەرزن. هەندێ جار ئارەقیش دەکات و تفی خۆی قووت دەدات، لە کاتی قسەکردنیشدا چاو نابڕێتە چاوی بەرانبەرەکەی، هەموو ئەوانەش نیشانەی شەرم و جۆرێك لە ترسن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە خێزان و ژینگەیەکی زۆر داخراودا ژیاون، بۆیە شەرم و ترس و دڵەڕاوکێیان زیاترە».

## زۆربەی نەوجەوانەکان بەهۆی گۆڕانکاری جەستەیی تووشی جۆرێك لە شەرمکردن دەبن

سۆلین کانەبی توێژەری دەروونی لە وەزارەتی کار، ڕایوایە شەرمنی وەك حالەتێکی دەروونی و نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە، سەبارەت بە هۆکارەکانیشی دەڵێت «یەکێك لە هۆکارەکانی چاودێری زیاد لە پێویستی گەنجانە لە لایەن دایك و باوکیانەوە، لە ترسی ئەوەی تووشی کێشە نەبن، یان بەناز بەخێوکردنی گەنج و نازپێدانی زیاد لە پێویست لە لایەن دایك و باوکیەوە، بەتایبەتی ئەگەر تەماشا بکەین زۆربەی هەرە زۆری گەنجانی نێو چینی دەوڵەمەندەکان شەرمنن، چونکە زیاد لەپێویست لەلایەن کەسوکاریانەوە چاودێری دەکرێن و نازیان هەڵدەگرن، ئەمە سەڕەرای ئەوەی کە زۆربەی نەوجەوانەکان دوای گۆڕانە جەستەییەکانیان تووشی جۆرێك لە شەرمکردن دەبن».

سۆلین جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەی شەرمنی گەنجان زۆر کەم بۆتەوە، چونکە بەشێکی هەرە زۆری گەنجانی ئەمرۆ کەسانی چاوکراوەن و جیاوازن لەگەنجانی ڕابردوو، ئەوەش دەخاتەڕوو کە بۆچارەسەرکردنی گەنجی شەرمن چەند هەنگاوێك هەیە، لەوانە بە هیچ کلۆجێك نابێت دایك و باوك بە منداڵی خۆیان بڵێن: تۆ شەرمنی، پێویستە دایك و باوك یارمەتیی کەسایەتی گەنجەکان بدەن، بۆ ئەوەی بە باشی لە خۆی بڕوانێ و خۆی بەکەم نەزانێ، چونکە گەنجی شەرمن متمانە و باوەڕی بە توانای خۆی نییە، ئەمە بێجگە لەوەی پێویستە جۆر و هۆکاری ئەو شەرمکردنە بزانین، چونکە هەمیشە ئەو کەسەی شەرم دەکات هەست بەکەموکوڕییەك دەکات، بۆیە شەرم دەکات» .

بەڵام ڕابەری پەرەوەردەیی ڕەشاد نوری، پێیوایە «گەنجی شەرمن، زۆر بە کەمی تووشی کێشە و گرفت و ئاریشە دەبێت و هەمیشە خۆی لەکێشەکان بەدوور دەگرێت، گوتیشی «گەنجی شەرمن لەلای هاوڕێکانیشی خۆشەویستە، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری، بۆ نموونە کوڕی شەرمن لەلای کچان خۆشەویستەو بەپێچەوانەوە کچی شەرمن لەلای کوڕ پەسەندە، چونکە مامەڵەکردن لە گەڵیدا ئاسانترە». ڕەشاد ئەوەشی دووپات کردەوە کە لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی بەدیناکرێت، چونکە بوونی جیاوازی بەندە بەئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و شێوازی پەروەردەکردنی گەنج لەلایەن خێزان و قوتابخانەکەیەوە».

گوڵان: کۆمەڵایەتی

کچێک:
**هەر تاکێک لە بناغەی منداڵییەوە متمانەی بۆ دروست نەکرابێت، هەم شەرمن دەبێت هەم ترسنۆک**

کوڕێک:
**شەرمنی دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتییەو ئەمرۆ کرانەوەیەکی گشتی لە هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرێ**

فەرمانبەرێک:
**ئەوانەی لە خێزان و ژینگەیەکی زۆر داخراودا ژیاون، شەرم و ترس و دڵەڕاوکێیان زیاترە**

پسپۆڕێکی دەروونناس:
**شەرمنی لەڕووی دەروونییەوە قەیران نییەو ناشتوانرێت وەک کێشەیەکیش تەماشای بکرێت**

# زۆربەی کچانی دەرچووی

**گـولان دوای بەدواداچوون و ڕوومالێکی مەیدانی و وەرگرتنـــی رای زۆرینەی کچانی دەرچووی بەشـــی پەیمانگەی ڕاگەیاندن، ئاشـــکرای دەکات کە ٩٥٪ی کچـــان بەهۆی نمرەی کـــەم و دەرنەچوون بۆ بەشـــەکانی**

یەکێـــك لەو دیاردە باوانەی کە زۆربـــەی کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە زەقی دیارە، لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دەرچووانی کۆلێژو پەیمانگەکان دوای دەرچوونیان کار لە پســـپۆڕییەکانی خۆیاندا ناکەن، بەتایبەتی بەشـــێکی زۆری کچان ئەو کارانەی کە هەڵیدەبژێرن، زۆر دوورە لەو بوارەی کە خوێندوویانە و بڕوانامەیان بۆی وەرگرتووە.
ئـــەم دیاردەیـــەش زیاتر لەلای کچانـــی دەرچـــووی پەیمانگەکانی ڕاگەیاندن بەرجەستە دەبێتەوە.

### خراپترین سیستەمی خوێندن ئەوەیە ڕەچاوی خولیای قوتابی ناکات

کامەران نامق پسپۆڕی کارگێڕی، یەکێك لەسەرەکیترین هۆکارەکانی ســـەرکەوتنی هەرکۆمەڵگەیـــەك لەودا چڕ دەکاتەوە کە سیســـتەمی سیاسی و دەسەڵاتی ئیداری دەبێت بە بێ جیاوازی ڕەگەزیی پلان و بەرنامەی زەنگینی بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی متمانەپێکراو بۆ کار و پسپۆڕی هەبێت، کە وا لەو تاك بکات، پسپۆڕییەکەی خۆی خۆش بوێت و تامەزرۆی پیشـــەکەی بێت، وتیشـــی «بەداخەوە هەتا ئێستا لەکوردســـتاندا خراپترین سیستەمی خوێندنمان هەیە، چونکە زۆرجار ئەو کەســـە کە دەچێتە کۆلێژ، یان پەیمانگە بەئارەزووی خۆی نەبووە، بەتایبەتی کچان کە زۆر بەربەست و کۆسپی زیاتریان لەبەردەمە، بەڵام بەگشتی ئەو سیستەمە سەقەتە تاکەکانی کردۆتە بەکاربەر، بۆ نموونە کەسێك ئارەزووی یاسا دەکات، بەڵام ناوی لە ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، ئیتر ئەم مرۆڤە هەتا ئەو کاتەی لەو بەشـــە دەردەچێت، ناتوانێت وەك پێویست برەو بە تواناکانی خۆی بدات».
کـــامـــەران نـــامـــق لـــە درێـــژەی ئـــاخـــافـــتـــنـــەکـــەیـــدا جەختی لـــەوە کـــردەوە کـــە ئەو سیستەمەی قوتابی لە کۆلێژ و پەیمانگەکان وەردەگـــرێـــت، «سیستەمی سالانی شەستەکانە کە بەهیچ پـــێـــوەرێـــك لەگەڵ ئەمڕۆدا ناگونجێت»، گوتیشی «سیستەمی کارگێڕیش لەوە سەقەتتر و خراپترە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشا بکەین زۆربەی دەرچووانی بەشەکان بە زۆربەی کۆلێژ و پەیمانگەکانەوە، نەك تەنیا بەشی ڕاگەیاندن کە ئێوە زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە، بەڵکو هەموو بەشەکان هەر لە کۆلێژی زانست و پەروەردە و کشتوکاڵ و کارگێڕی و ئابووری و تەنانەت کۆلێژی ئەدەبیات و زمانیش هەر هەموو دەرچووەکانی ڕوودەکەنە پیشەی مامۆستایی، لەبەر ئەوەی دەرماڵەی هەیە و دەوامی لەپیشەکانی دی کەمترەو سێ مانگی هاوینیان لەبەر دەستدایە، ئەمە وایکردووە کە بەپێچەوانەی وەزارەتەکانی دیکەوە، زۆرترین داواکاری بۆ دامەزراندن ڕوو لەوەزارەتی پەروەردە بکات، واتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەهۆی ئەو سیاسەتە هەڵەیەوە کە هەیە زۆربەی دەرچووەکانمان ناچن لەپسپۆرییەکەی خۆیاندا کاربکەن بەڵکوو دەچن لەشوێنێك کاردەکەن کە مووچەی زیاتر و کاری کەمتر و و دەرماڵەی هەبێت، ئەمە هۆکاری سەرەکی ئەو قەیرانە ئیدارییەیە کە هەستی پێدەکرێت».

### نەریتی کۆمەڵگە بوار نادات ئافرەت زیاتر لە دەرەوەی ماڵ بێت و کاری میدیاییش قورسەو کاتی زۆری دەوێت

ســـەبارەت بە تەوەری ئـــەم ڕاپۆرتەش کە بۆچی بەشـــێکی زۆر لە کچان دوای دەرچوونیان لەبەشـــی راگەیاندنی کۆلێژ و پەیمانگەکان کارەکانی خۆیـــان ناکەن؟ کامەران نامق چەند خاڵێکی خســـتەڕوو، «یەکەم: دامەزراندن لەهەرێمی کوردستان پێویستی بە نێوەندگیری و واستە هەیە، زۆرجار کچێك کەسێکی نییە کە لەدەزگایەکی راگەیاندن دایبمەزرێنێـــت، ئەمەش گرفتەو وادەکات بچێت لەشـــوێنێکی دیکە دابمەزرێت، دووەم: نەریتـــی کۆمەڵگەیە کە بوار نادات ئافرەت زیاتر لە دەرەوەی ماڵ بێت و کاری ڕاگەیاندن و میدیاییش قورســـەو کاتی زۆری دەوێت، ڕاســـتە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆرجار کۆمەڵگەی ئێمە تـــا ڕادەیەك بەندوباری بۆ زۆر پیشـــەی ئافرەتان داناوە، بەڵام ناکرێت بڵێین ئەو پیشـــانەی حەرام کردووە، ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر لەبواری کۆمەڵایەتی ڕوویداوە، ســـێهەم خاڵ و خاڵی سەرەکی ئەوەیە بەشـــێکی زۆر لـــەو کچانەی کە قوتابی راگەیاندنـــن، بە ئارەزووی خۆیان ئەو بەشـــەیان هەڵنەبژاردووە، هەر ئەمەش وادەکات کە زۆربەی ئەو قوتابییانە ئارەزووی پســـپۆڕییەکەیان نەکەن و ڕوو لە کاری دیکە بکەن».



پسپۆڕێکی کارگێڕی:
**سیستەمی سیاسی دەبێت بە بێ جیاوازی ڕەگەزی پلان و بەرنامەی زەنگینی بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی متمانەپێکراوی بۆ کار و پسپۆڕی هەبێت،**

دەرچوویەکی بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب:
**لە وڵاتی ئێمە کچان بە هۆکاری جیاواز خۆیان لە کاری میدیایی و ڕاگەیاندن دەدزنەوە**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

## کچانی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن کاری میدیایی ناکەن

شەونم حەسەن کچێکی فەرمانبەرەو وەك خۆی باسیکرد بەشی راگەیاندنی لە کولێژی ئاداب تەواوکردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە چوونی بۆ ئەو بەشە بە ئارەزووی خۆی نەبووە، دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی پیشەکەیەکی دیکەی هەڵبژاردووە، شەونم زیاتر بابەتەکە شیدەکاتەوەو دەڵێت «من کە لە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی بووم، وەك هەزاران قوتابی دیکە لەڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمەوە چوومە بەشی ڕاگەیاندن، هەرگیز نەمویستووە ببمە رۆژنامەنووس،یان راگەیاندنکار، بەڵکوو تەنیا ئامانجم ئەوە بووە کە بڕوانامەی کۆلێژم هەبێت».

سەروین حەسەن یەکێکە لەو سەدان کچەی کە تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە و «بەناچاری» لەبواری راگەیاندن خوێندوویەتی، بۆیە بە نیگەرانییەوە دەڵێت «من بەهیچ شێوەیەك حەزم لەکاری رۆژنامەنووسی نەبووە، بەڵام لەبەر کەمی نمرە، لە بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب وەرگیرام، شەونم گوتیشی «بەشێوەیەکی گشتی لەوڵاتی ئێمە کچان بە هۆکاری جیاواز خۆیان لە کاری میدیایی و ڕاگەیاندن دەدزنەوەو نایانەوێت لەو بوارەدا کاربکەن»، سەروین جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر بیزانیبایە کۆلیژێکی دی بەهەمان نمرە وەری دەگرت، ئەوکات ڕاگەیاندنی هەڵنەدەبژارد.

یەکێك لەو کچانەی کە قوتابی بەشی راگەیاندنە لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر و لە بۆ کاری پراکتیکی و دواقۆناغی خوێندنەکەی بۆ ماوەی دوو مانگ لە گۆڤاری گوڵان کار دەکات، بە ئاشکرا دەڵێت «نە خۆم و نەخێزانەکەشمان حەز بە کاری ڕاگەیاندن بۆ ئافرەت ناکەین، چونکە تاقەتی سەرئێشەمان نییە، بۆیە تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەو بەناچاری لەو بوارەدا دەخوێنم و دوای تەواوکردنیشی، ئامادە نیم بۆ یەك رۆژیش کاری ڕاگەیاندن بکەم».

سەرۆکی بەشی راگەیاندن لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر (وشیار بەشیر چەلەبی)، سەبارەت بە هەمان پرس لە دەستپێکی لێدوانەکەیدا ۆ گوڵان هێما بۆ ئەوەدەکات کە بابەتی کارکردنی هەموو قوتابیەك دوای دەرچوونی لە پسۆڕییەکەی، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ئەمڕۆ هەمووانی سەرقاڵ کردووە، گوتیشی «ئەوەی جێگەی تێبینییە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری قوتابیانی بەشی راگەیاندن، تەنانەت کوڕانیش دوای دەرچوونیان بە چەند هۆکارێك لەشوێنی پسۆڕی خۆیان کار ناکەن، بەداخەوە دەبینین دەرچووی بەشی راگەیاندنە، بەڵام لە پسپۆریەکی تر کاردەکات چونکە کارێکیان نەداوەتێ کە نزیك بێت لە پسپۆڕییەکەی خۆی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم بەشەی ئێمە زۆرترین توانای هەیە وەك تاقیگەو ستۆدیۆ و رادیۆ لەبەر ئەوە ئێمە پێمانخۆشە ئەو کەسانە لەپسۆڕی خۆیان کار بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن سوودی زۆرتریان بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش هەبێت».

سەرۆکی بەشی راگەیاندن لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر، لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «بەپێچەوانەی ئەوەی کە دەڵێن کچانی دەرچووی پەیمانگەی ڕاگەیاندن کەمتر لەبواری پسپۆڕی خۆیان کاردەکەن، کچان لە کوڕان زیاتر خولیای کارکردن لەو بوارەیان هەیە، گوتیشی «من هەست دەکەم زۆر لەقوتابییە کچەکان دوای دەرچوونیان لەبەشی راگەیاندن زیاتر گرنگییان بە بوارەکەیان داوە، هەر چەند ڕۆژێك لەمەوبەر چەند قوتابییەکی کچی خۆم بینی، زۆر پێمخۆش بوو کە گوتیان لەدەزگایەکی راگەیاندن کاردەکەن، بۆیە بە بڕوای من کچەکان زیاتر لە کوڕان لەم بوارەدا چالاکن، بەڵام ئەوەش وەك پێویست نییە».

### سیستەمی زانکۆ پرەنسیپێکی زانستییانەی سەردەمی تیا نییە

سکرتێری رۆژنامەنووسانی مێیینە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (چیمان کانیکی)، هۆکاری سەرەکی کێشەکە بۆ «نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەی گونجاو» دەگێڕێتەوە، گوتیشی «سیستەمی تەقلیدی و پڕ لە هەڵەی پەروەردە نەیتوانیوە فێرخوازان لەسەر بنەمای حەزو ئارەزووەکانی خۆیان پێبگەیەنێت، واتە خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمایەکی کۆن و زۆر تەقلیدیەو هیچ گوێ بەحەز و ئارەزووی قوتابی نادات، بۆیە دەبینن زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئارەزوی پسپۆڕییەکیان نییە، بەناچاری دەیخوێنن، خۆی پێویستە کچە ڕاگەیاندنکارەکان بە ئیستیسنا لە بەشی ڕاگەیاندن وەربگیرێن».

چیمان کانکی نیگەرانی خۆی لەوە دەربڕی کە «دەیان کچی راگەیاندنکار لەخوێندنی بەشی راگەیاندن بێبەشن، چونکە سیستەمی زانکۆی ئێمە هیچ جۆرە پرەنسیپێکی زانستییانەی سەردەمی تیا نییە»، گوتیشی «پێویستە ئەو کچانە کە ئارەزووی راگەیاندنیان هەیە یان خۆیان راگەیاندنکارن بەشێوەیەکی ئیستیسنائی لە بەشی راگەیاندنی کۆلێژ و پەیمانگا وەربگرین، نەك ئەوانەی کە بەناچاری دەیخوێنن، واتا وەرگرتن لەبەشی راگەیاندن لەسەر بنەمای حەزو ئارەزوو بێت نەك، بەشێوەیەکی تەقلیدی کەئێستا هەیە» .

# بەشی ڕاگەیاندن کاری میدیایی ناکەن

**دیکەی خوێندن لە زانکۆ و کۆلیژەکان، تەنیا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە لە پەیمانگەکانی ڕاگەیاندن دەخوێنن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین لەو بوارەدا کار بکەن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە: ئایا سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی متمانەپێکراوی بۆ کچانی میدیاکار نەڕەخساندووە، یان نەریتی کۆمەڵگە کچانی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لەکاری میدیایی دووردەخاتەوە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

قوتابییەکی بەشی راگەیاندن لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر:

**نە خۆم و نەخێزانەکەشم حەز بە کاری ڕاگەیاندن بۆ ئافرەت ناکەین، چونکە تاقەتی سەرئێشەمان نییە**

سەرۆکی بەشی راگەیاندن لەپەیمانگەی تەکنیکی هەولێر:

**سەرەڕای ئەوەی ئەم بەشەی ئێمە زۆرترین توانای هەیە وەک تاقیگەو ستۆدیۆ و رادیۆ بۆ ڕاهێنانی پسۆڕی بەڵام بەداخەوە زۆربەی دەرچووانی کوڕیش لە بواری خۆیان کار ناکەن**

سکرتێری رۆژنامەنووسانی مێیینە:

**دەیان کچی راگەیاندنکار لەخوێندنی بەشی راگەیاندن بێبەشن، کە پێویستە بە ئیستیسنا لەو بەشە وەربگیرێن نەک ئەوانەی کە بەناچاری دەیخوێنن**